# چاوپێکەوتن لەگەڵ گەشتە یان دوو ڕوانین بۆ گفتێک



larzobaker@hotmail.com

پێشکەشە بەمێژووی بێکەسی خۆمان ...

کــــەخۆشمان بووینە خاوەن کـەس

ئینجا خــــۆمان بــێ کەس دەبینین .

*ناوت چی بوو ؟!

+بەئارەزووت هەڵیسەنگێنە .

*خەڵکی کوێیت ؟

*ناونیشانت ؟

+خەڵکی وولاتی داگیرکراوم ... ،

ناونیشانم ... خاکی شۆرش ...

شاری گۆرستان ....

ماڵم ، لەسەر جەقی ڕێگایەکە !

تەنیشتی چەپ ( مقر الحزب )

تەنیشتی ڕاست ( کۆمیتەی ئازادی )

بەرامبەر مزگەوتی پێ فرۆشراو،

لەپشتمانەوە ڕەبایەی جاش ،

ناوی کۆڵان (ئەنفال) ،

ژمـــارەی دەرگـــا ،

88 لەسەر74 تاکۆتایی ...

*کـــــاروپـــیشە ؟

+بێکارو کارەکەری بەڕێزتانم !

*پـــلەی خـوێـندن ...

+گۆشت و ئێسقان لە ئەکادیمیای مەرگ .

*شـــوێنی لەدایـــک بـــوون ؟

+شـــــــیوی خـوێن .

*تـەمـــــــــــەن ؟

+سەبەتەی خۆڵی مێژوو .

*بـــۆ هـــاتـــووی ؟

+ئاگادارو .... بەرپرسیارن ،

بەڵێ .... زۆر لەمێژە ڕاستی ،

لەگیرفانی مێژووی جیهان بۆگەن بووە !

*ئێره وڵاتێکی مرۆڤانەیە ،

ئەوە ئێمە **وەك گشت** پەنابەرێ وەرمانگرتی ...

+ئـــــــــــاخ خ خ خ خ !!!!

*ئـــــەی بـــۆ دەگـــری ؟!

+دەگـــریـــم بـــۆ گـــەل !.

بـــــۆ خـــــــــاک !.

بـــــۆ نــــەتـــــەوە !.

بۆ زامی گشت ( شەهیدان )

ئــــــەگـــریـــم بـــۆ ئەوین ...

بــــــۆ دایـــــــــک

بۆ ئەو منداڵانەی لەوێ لەدایک دەبن ،

ئەبێ دووا ڕۆژیان چی بێ ؟

لەکام باوەش ... پەروەردەکرێن ،

لای کام ڕووباری ژەهر ،

وانەی ژیان بخوێنن .....؟؟!

** لارزۆ بەکر ** 19960618